

# ئەنفال: سڕینەوەی کورد لە پارێزگای کەرکوک

د. شێرکۆ کرمانج

**سەرەتا**

هەڵمەتەکانی ئەنفالو جینۆسایدی گەلی کورد لە سەردەمی ڕژێمی بەعس لە ساڵانی ١٩٨٧–١٩٨٨زادەو هەوێنی نوسینی چەندین کتێبو وتار بووە،جا ئەمانە توێژەرو ئەکادیمیستو نوسەرانی کورد بوو بنیان بێگانە. ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر تەرکیزیان لەسەرکراوە چەند بابەتێکن لەوانە، داخۆ هەڵمەتەکانی ئەنفال دەکرێنوەک پرۆسەی جینۆساید تەماشابکرێن، واتە ئایا کردارەکانو نیەتەکانی حکومەتی عێراق لە ئەنفال بەپێی یاسا نێونەتەوەییەکان دەکرێن وەک کردەوەیەکی جینۆساید تەماشابکرێت (Human Rights Watch 1995). هەندێکی دیکە لە نوسەرانو توێژەران زیاتر خۆیان لە قەرەی ئامارەکان داوە، واتە هەوڵی دەستنیشانکردنی ژمارەو قەبارەی زیانە مرۆییو ماددییەکان داوە (عبدالرحمن ١٩٩٥؛ مەلا شاخی ٢٠٠٧ئەلف، ٢٠٠٧باء؛ حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠٠٨)، کە دەتوانم بڵێم بەگشتی سەرکەوتو نەبوون.هەندێک لێکۆڵینەوەو نوسینی دیکە کاریگەرییە سایکۆلۆجیو کۆمەڵایەتییەکانی هەڵمەتەکانی ئەنفالیان لەسەر قوربانییە زیندووەکان کردوە بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکانیان (عەبدول و عەبدوڵا ٢٠٠٤). ئەم بابەتە سەرەڕای بەهەندوەرگرتنی هەموو ئەم ڕەهەندو پرسانەی ئەنفالبوارێکی دیکەی ئەنفالی کردوە بە تەوەری لێکۆڵینەوەکە. ئەویش پەیوەندی هەڵمەتەکانی ئەنفالە بە هەوڵەکانی سڕینەوەی کورد لە کەرکوکو دەوروبەری. بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە بە وردی دەڕوانێتە سەر نەخشو جوگرافیای ئەنفالو چەند ئەنجامگیرییەک دەکاتو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە مەبەست لە هەڵمەتەکانی ئەنفال بە ئیزافەی جینۆسایدکردنی کورد هەوڵێکبوون بۆ لەناوبردنو نەهێشتنی کورد لە پارێزگای کەرکوکو دابرینی ئەو ناوچانە بەیکجاریو لکاندنیان بە عەرەبی عێراقو لادانی"ترسی کورد" لەسەر ئەم پارێزگا ستراتیجییە لە دیدی عەرەبە–بەعسییەکانەوە. توێژینەوەکە دەست بۆ هەندێک کاریگەریی ئەنفال دەبات بەتایبەتی لەسەر ئامێزانی کورد (Kurdish integration) لە عێراق. هەروەها دەیەوێت بزانێت داخۆ بۆ ئەمجارە، مەبەست لە ئەنفالەکانە، حکومەتی عێراقی لە هەموو جارەکانی دیکە بێبەزەییانەتر کەوتە گیانی کوردەکان.

**ئەنفال: مانا و قۆناغەکان**

ئەنفال بە عەرەبی واتە غەنیمە کە لە کوردیدا دەکاتە تاڵانو دەسکەوتەکانی شەڕو بەسەردادان. ناوەکەی لە سورەتی هەشتەمی قورئان کە هەر بەناوی "ئەنفال"ەوە ناونراوە، وەرگیراوە. سورەتەکە بەم ئایەتە دەستپێدەکات: "یسألونک عن الانفال قل الانفال لله والرسول فاتقوا الله واصلحو ذات بینکم"، واتە لەمەڕ دەسکەوتی جەنگەوە لێتدەپرسن، بێژە: تاڵانی دوژمنان بۆ خوداو بۆ پێغەمبەرە ئەگەر بڕواتان هێناوە، ئێوە ترسو لە خودا بیو لەناو خۆتان پێکوەرن. گوایە ئەم ئایەتە لە ٦٢٤ زایینی، دوای شەڕی بەدر کاتێک موسڵمانەکان، بەتایبەتی موهاجیرو ئەنسارەکان، دبێتە ململانێیان لەسەر دەسکەوتەکانی شەڕەکە، ئایەتەکە دابەزیوە. ئەویش بەمەبەستی یەکلاکردنەوەی پرسی دابەشکردنی دەسکەوتەکان. لێرە بۆیە ئاماژەبەم پاشخانە مێژووییەی سورەتەکە کرا چونکە واچاکە خوێنەر بزانێت کە ئەم چەمکە لەکوێوە هاتووە. دواتریشباس لە گرنگی ئەم بابەتە لەمەڕ تێڕوانینی عەرەبە–بەعسییەکانی عێراق بۆ کورد لە چوارچێوەی چەمکی ئەنفالدەکرێت. هەوڵدەدرێت ئەم پرسە بە بەعێراقی دانان یان دانەنانی کوردەکان ببەسترێتەوە.

ئەنفال ناوی ئەو هەڵمەتە سەربازییەشە کە حکومەتی عێراقی کردییە سەر کوردو کوردستان لە ١٩٨٨ دا. هەڵمەتەکانی ئەنفال لەدوای دانانی عەلی حەسەن مەجید (١٩٤١–٢٠١٠)، ئامۆزای سەدام حوسێن (١٩٣٧–٢٠٠٦) سەرۆکی پێشتوتری عێراق، وەک ئەمین سری مەکتەبی شیمالی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی، دەستپێکرد. دانانی ئەو لەو پۆستەدا بەپێی بڕیارێک بوو کە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (مجلس قیادە الثورة) دەرچووبوو. بەگوێرەی بڕیارەکە عەلی حەسەن مەجید تەواوی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنی لە پارێزگاکانی

کوردستانو باکوری عێراق پێدرابوو لەگەڵ خستەژێردەستی هەموو دەزگا کارگێڕییو سەربازییو ئەمنییەکانی ناوچەکە (Human Rights Watch 1995: 276, 277, 296, 297).

بەگشتی واناسراوە کە هەڵمەتەکانی ئەنفال لە شوباتی ١٩٨٨ دەستیپێکردوە. سەرەڕای ئەمە، لێرە ئەنفال بەسەر دوو ڕوودا (phase) دابەش دەکرێت. ئێمە پێمانوایە ڕووی یەکەمی ئەنفال لە ٢١ نیسانی ١٩٨٧ دەستیپێکردو تا ٢٠ حوزەیرانی ١٩٨٧ درێژەی خایاند. لەم ڕووەدا هێزە ئەمنیو سەربازییەکانی حکومەتی عێراق ٧٠٣ گوندو شارۆچکەیان، لەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیاندابوو، وێرانکرد، بەڵام ژیانی دانیشتوانی ئەم ناوچانە بەگشتی پارێزرا (Human Rights Watch 1995: 49). بەمانایەکی دیکە، لێرەو لەوێ نەبێت، خەڵکی ئەو ناوچانەی بەر هەڵمەتەکانی ئەنفال لە ڕووی یەکەمدا کەوتن بە سەلامەتی نەجاتیان بوو. بەڵام ناکرێت ئەوە لەبیربکرێت کە زۆرینەی ئەو گوندانەی لە ڕووی یەکەمی ئەنفالدا روخێنران هەر زوو تەعریبیشکران بەتایبەتی ئەو ناوچانەی هاوتخوبوون لەگەڵ ناوچە بەعەرەبکراوەکانی پێشوتر وەک ناوچەکانی گەرمیانو قەراچو کەندیناوەو شەمامکو شێخانو زمار.

لە دوای ئەنجامدانی رووی یەکەمی ئەنفال حکومەتی عێراقی هەموو ئەو ناوچانەی دیکەی کوردستانی کە لە ژێر کۆنترۆڵیدانەبوو بە "ناوچەی قەدەغەکراو" (المناطق المحرمة) لەقەڵەمدا. هاوکات رۆژی سەرژمێری گشتی کە دەکەوتە تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ وەک دوا رۆژ دیاریکرد بۆ خۆبەدەستەوەدانی هەموو ئەو کەسانەی کە لە ناوچە قەدەغەکراوەکان دەژیان، بە هاوڵاتیانو پێشمەرگەکانو فیرارەکانەوە. رژێم ناوی لەم پرۆسەیە نابوو "گەڕانەوە بۆ ریزی نیشتیمان" (العودة الى الصف الوطني).

چوار مانگ دوای دواین رۆژی دیاریکراو بۆ خۆبەدەستەوەدان رووی دووەمی هەڵمەتەکانی ئەنفال دەستیپێکرد. بەپێی ئامارو راپۆرتەکانی رێکخراوی هیومان رایتس ووچ، هێزەکانی حکومەتی عێراقی ٥٠ تا ١٠٠ هەزار هاوڵاتی مەدەنی کوردیان بێسەروشوێن کرد، کە بەشێکیان ژنو منداڵو پیرو پەککەوتە بوون. رووی دووەمی ئەنفال کە لە هەشت قۆناغ پێکهاتبوو لە ٢٢ شوباتی ١٩٨٨ دەستیپێکردو لە ٦ ئەیلولی هەمان ساڵدا کۆتاییهات. بەسەریەکەوە لە هەردوو رووی ئەنفال نزیکەی ملیۆنو نیوێک هاوڵاتی کورد لە زێدی باوپیرانیان دەرپەڕێنرانو گوێزرانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان یان شونبزرکران. حکومەتی عێراقی لەم ماوەیەدا بەشێوەیەکی بەربڵاو چەکی کیمیاوی بەکارهێنا. رێکخراوی هیومان رایتس ووچ دەڵێت لە نیسانی ١٩٨٧ تا ئەیلولی ١٩٨٨ لانیکەم هێزە سەربازییەکانی عێراق لە چل شوێنی جیاجیا چەکی کیمیاویان بەکارهێنا. یەکەمین شوێن کە کیمیا بارانکرا هەردوو گوندی شێخ وەسانو بالیسان، لە دۆڵی بالیسان، بوون کە دەکەوێتە نێوان رانیەو خەلیفان (Human Rights Watch 1995: 47–46). دوای نزیکەی ساڵێک هێزە ئاسمانییەکانی عێراق کیمیابارانی شاری هەڵەبجەیان کرد، کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شاری سلێمانی. لە هەڵەبجە نزیکەی پێنج هەزار کەس بوون بە قوربانی گازە ژەهراوییەکان. لەبەر گەورەیی زەرەرە گیانیو ماددییەکانو ئەو دەنگۆیەی کە لەنێوخۆو دەرەوە لێیکەوتەوە، کیمیابارانی هەڵەبجە بوو بە سیمبولی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە دژی هاوڵاتییە کوردەکان.

مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە قسەکردن نییە لەسەر زەرەرە گیانیو ماددییەکان بەڵکو وەک لە سەرەتا ئاماژەیپێکرا ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی دوو پرسیاری سەرەکی بداتەوە. یەکەم، داخۆ بۆچی رژێمی عێراقی لە هەڵمەتەکانی ئەنفالدا بەبەراورد لەگەڵ شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ کورد ئەمجارە ئەوپەڕی توندوتیژیو درەندەیی لەگەڵ هاوڵاتییە کوردەکان بەکارهێنا؟ دووەم، بە وردبوونەوە لە نەخشو جوگرافیای ئەنفال بێجگە لە نیازی جینۆساد هەوڵدەدرێت بزانرێت داخۆچ نیازێکی دیکە لە پشت ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی ئەنفال خۆیان حەشاردابوو؟

## ئەنفال: بۆ؟

شاردراوە نییە کە هەڵمەتەکانی ئەنفال درێژکراوەی سیاسەتەکانی بەعەرەبکردنی کوردستان بوون کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردووەوە دەستیانپێکردبوو. سەرەڕای ئەمە بە دڵنیاییەوە دەکرێت بگوترێت کە هۆکارێک بۆ بەکارهێنانی ئەوپەڕی توندوتیژی لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە ئەمجارە

ئەوەبوو کە لە ناوەڕاستی هەشتاکان چالاکییەکانی پێشمەرگە گەیشتبووە ئاستێکی هێندە بەرز کە لە مێژووی کوردستاندا کەموێنەبوونو تواناکانی ڕژێم بۆ سنووردارکردنو کۆنترۆڵکردنی نەک هەر چالاکییەکانی پێشمەرگە بەڵکو جەماوەری کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ کەمیدەکردو بەرەو دارمان دەڕۆیشت. ناکرێت هاوکارییەکانی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ ئێران، لەکاتێکدا کە حکومەتی عێراقی لە شەڕێکی سەختدابوو لەگەڵیدا، لە هاوکێشەکە دەربهێنرێت. لە ڕاستیدا بەدووقۆڵی هێرشکردنە سەر دامودەزگا نەوتییەکانی کەرکوکو پاڵپشتی ئێران لە هێزی پێشمەرگە هۆکارێکی دیکە بوون بۆ بەکارهێنانی ئەو پەڕی توندوتیژی لەگەڵ کورددا. سەرەڕای ئەمە، هۆکاری سەرەکی لە پشت هەڵمەتەکانی ئەنفال لەناوبردنی بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان بوو. دواتریش قڕکردنی یان کپکردنی کورد بە گشتی بەتایبەتی بە وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان کە وەک وشکردنی ئەو دەریاچەیە وابوو کە پێشمەرگەکان مەلەیان تێدادەکرد. ڕژێم دەیویست ژێرخانی ئابوری کوردستان، کە دێهاتەکان بوو، تەفروتونا بکات، بەمەش وا لە کوردەکان بکات کە زیاتر پشت بە ناوچەکانی دیکەی عێراق ببەستن.

**ئەنفال: بەراوردێک بە مامەڵەکانی پێشوتری حکومەتی عێراق**

ئەنفال لە زۆر ڕووەوە لە سیاسەتە پەیڕەوکراوەکانی ڕژێمەکانی عێراق لە دەرپەڕاندنو چۆلکردنو ڕاگواززتنو بەعەرەبکردنو بەبەعسیکرنو کۆلۆنیازەکردنی کوردستان تێپەڕاند. ئەنفال لەو سیاسەتە پەیڕەوکراوانە جیابوو چونکە ئەمجارە نەک تەنیا خاکو سامانی کوردستان بەڵکو بوونی کوردی وەک نەتەوە کرا بە نیشان. لە ئانوساتی ئەنفالەکان قسەیەک زۆر لەسەر زاری خەڵک دەگێڕدرایەوە. ئەویش ئەوەبوو گوایە عەلی حەسەن مەجید لەو ڕۆژەی کە وەک سکرتێری گشتی مەکتەبی شیمالی حیزبی بەعس دەستنیشانکرا بە سەدامی سەرۆکی گوتووە "اروح للشمال لو البس سروال لو اخليهم كلهم يلبسون عگل" واتە دەچمە کوردستان یان شەروالی کوردی لە پێ دەکەم یان وایانلێدەکەم هەموویان عەگالی عەرەبی لەسەر بکەن. ئەم قسەیە ڕاست بێت یان نا، ئەوە گرنگ نییە، چونکە لەگەڵ هاتنی عەلی حەسەن مەجید بۆ کوردستان ئەو بە کردارەوڵیدا پەیامەکەی ناو ئەو دەقە جێبەجێبکات، لەبەرئەوە خەڵکێکی زۆر وەک ڕاستییەک ئەو قسەیەیان وەرگرتبوو. ئەگەر بێتو لە قسەکەی عەلی حەسەن مەجید وردببینەوە هەندێک لە نیازەکانی ڕژێمەکەی عێراقمان بۆ دەردەکەوێت کە بە کورتی لەناوبردن یان تواندنەوەی کوردە لە مەنجەڵی (بەوتەقەی) عەرەبیدا.

لە ڕاستیدا، بەراوردێک لەنێوان شێوازی مامەڵەکردنو قسەو هەڵوێستەکانی سەرکردە عێراقییەکان لەو شەڕو پێکدادانانەی لە ناوەڕاستی حەفتاکان لەنێوان کوردەکانو هێزە عێراقییەکان ڕوویاندا لەگەڵ ئەوانەی لە کۆتایی هەشتاکان لە ئانوساتی ئەنفالەکان هاتنەپێش بە ڕوونی ئەو جیاوازییە دەردەخەن. لە دوای پێکدادانەکانی ساڵانی ١٩٧٤–١٩٧٥ سەدام حوسێن بە شانازییەوە لە کتێبی *خندقواحد ام خندقان* (سەنگەرێک یان دوو سەنگەر)باس لە بەرخوردی حکومەت لەگەڵ هێزە کوردییەکان دەکات و دەڵێت لە شەڕەکان "هیچ تالانێکروویندەدا" و "هیچ ژنێک تەعەدای لێنەکرا" (حسين ١٩٧٦: ٢٦). ئەو قسانەی سەدام ئەگەر تەواو ڕاستیش نەبن بەڵام دەکرێت بگوترێت کە هەم تالان هەم تەعداکردن لە ژنان لەو شەڕوپێکدادانەی لە حەفتاکان ڕوویاندا دیاردەیەکی بەربڵاونەبوون کەچی لە هەڵمەتەکانی ئەنفال نەک هەر سەرو سامانی خەڵکە ئەنفالکراوەکە بە تالانبردرا بەڵکو سەدان ژنو کچی ئەنفالکراو کوژرانو تەعەدایانلێکرا. ئەمە لەکاتێکدا ڕوویدا کە کەرامەتی ئەو خەڵکە مەدەنییەی لە شەڕەکانی ١٩٧٤–١٩٧٥ گلابوون، وەک سەدام دەڵێت، ڕێزلێگیراو پارێزراوبوو. بەڵام لە ئەنفالەکاندا هێزەکانی حکومەت، کە هەر سەدام سەرۆکایەتی دەکردن، ڕاست پێچەوانەی ئەو وەسفەی سەدام کردویەتی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵکە مەدەنییە بێچەکەکان کرد. سەدام لە کتێبەکەی ئاماژە بە دیدی حکومەت بۆ کورد دەکاتو دەڵێت

ئەو کوردانەی لە "سەنگەرەکەی بەرابەردا" شەڕی هێزەکانی ئێمەیان دەکرد ئێمە هەر وەک "عێراقی" تەماشامان دەکردن.

بە وردبوونەوەو شیکردنەوەی قسەکانی سەدامو گەڕانەوە بۆ ماناکانی ئەنفال دەکرێت بەراوردی شێوازی مامەڵەی حکومەتی عێراقی لەگەڵ کوردەکان لە ئەنفالەکاندا لەگەڵ پێکدادانەکانی ١٩٧٤–١٩٧٥چاکتر ڕوونبکەینەوە. ئەنفال زاراوەیەکە واتە تاڵانکردنو دابەشکردنی دەسکەوتەکانی جەنگ، جا دەستکەوتەکان مرۆیی بن یان ماددی. ئەنفال لە تێگەیشتنی ئاینیی–ئیسلامییەوە زاراوەیەکە بۆ چالاکییەک بەکاردێت کە موسڵمانان لە دژی نا–موسڵمانان پێیهەستابن. لە سیاقی ئەو هەڵمەتانەی کە لە دژی کورد ئەنجامدرانو ناوی "ئەنفال"یان پێوەلکاندوەئەوە مانای ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە حکومەتی عێراقی کوردەکانی بە نا–موسڵمانو نا–عێراقی دەدیتو دانابوو. ئەگەر نا چۆن دەکرێت خۆیانو ماڵو حاڵیان ئەنفال بکرێت. بەواتا سیاسییەکەی کوردەکان لە عێراق لە ئەنفالەکاندا لە هاوڵاتیبوون لە عێراق داماڵدران.

**ئەنفال: ئامارەکان**

هەڵمەتەکانی ئەنفال هەموو خسڵەتەکانی کۆمەڵکوژیو بێسەروشوێنکردنی دەستەجەمعی پێوەدیاربوو. ئامارەکانی هیومان رایتس ووچ باس لە شونبزرکردنی زیاتر لە ١٠٠ خەڵکی مەدەنی دەکەن. سەرچاوە کوردییەکان بەگشتی باس لە ١٨٢ هەزار قوربانی دەکەن. ئەو ژمارەیەی کە کوردەکان بەکاریدێنن مەزەندەیەولەوەدەچێت دروستنەبێت، بەڵام تێهەڵچوونەکەی عەلی حەسەن مەجید لەگەڵ ئەندامانی وەفدی کوردی لە دانوسانەکانی بەهاری ١٩٩١ گەورەیی قەبارەی تاوانەکە نیشاندەدات. ئەو لەکاتی گفتوگۆکاندا لەوەدەچێت بێزاربووبێت لەوەی کە ئەندامانی وەفدە کوردییەکە هێندە گوتویانە ئێوە ١٨٢ هەزار کەستان ئەنفالکرد، بێسەروشوێنکرد. عەلی حەسەن مەجیدیش لە یەکێک لە دانیشتنەکان تورەدەبێتو دەڵێت ئەوە چییە ئەو زێدەگۆییە، ١٨٢هەزاریچی؟ هەمووی لە ١٠٠ هەزار کەس زیاتر نەدەبوو! (Makiya 1993: 168). هەر چۆنێک تەماشای بکەیت حکومەتی عێراقی لە هەڵمەتەکانی ئەنفالدا تاوانی جینۆسایدو تاوانی شەڕو تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەنجامدا، ئەمە نەک وەک ئەوەی کوردەکان بانگەشەی بۆ دەکەن بەڵکو وەک ئەوەی کە هیومان رایتس ووچ لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە بەبەڵگە سەلماندیو دواتریش لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق سەلمێندرایەوەو پەرلەمانی سویدیو بەریتانیش، هەر بۆنمونە، پشتڕاستیانکردەوە.

**ئەنفال: کەمەربەندێکی بێ–کورد لە کەرکوک**

هەڵمەتەکانی ئەنفال بێجگە لەو هۆکارانەی کە لەسەرەوە ئاماژەییپێکرا، کە لە سەروی هەموویانەوە جینۆسایدی گەلی کورد بوو، کەچی بە وردبوونەوە لە نەخشو جوگرافیای هەڵمەتەکانی ئەنفال هەندێک ئامانجو نیازی ستراتیجی دیکەی ڕژێمی عێراقی دەردەکەون. مەبەستێکی دیکەی حکومەتی عێراقی لە ئەنفالەکان دروستکردنی کەمەربەندێکی بێ–کورد (no-Kurd buffer zone) لە چواردەوری شاری کەرکوک وەک بەشێک لە هەوڵەکانی ڕژێم بۆ قرتاندنی ناوچە دەوڵەمەند بە نەوتەکانی پارێزگای کەرکوکو دەوروبەری.

بۆ سەلماندنی ئەو تێگەیشتنەی سەرەوە هەوڵدەدەین نەخش (pattern) و جوگرافیای شونبزرکردنو لەناوبردنی ئەو خەڵکە مەدەنیانە بخەینەڕوو کە بەر هەڵمەتەکانی ئەنفال کەوتن. بۆ ئەم مەبەستەش ئەو ناوچانەی کە ئەنفالەکانیان تێدا ئەنجامدرا دابەشدەکەین بەسەر چوار حەوز (catchment). حەوزی دهۆک، حەوزی هەولێر، حەوزی سلێمانیو حەوزی کەرکوک (تەماشای خشتەی –١– بکە).

سەرەڕای ئەو کارەماندونەناسییەی کە هیومان رایتس ووچ لە پەیوەند بە ئەنفال ئەنجامیانداوە بەڵام لێکدانەوەو ئەنجامگیریـان لەمەڕ نەخشو جوگرافیـای شـونبزرکردنو لەنـاوبردنی خەڵـکە مەدەنیـیەکە کورتیهێناوەو راستییەکان وەدەرناخەن. راپۆرتو کتێبەکەی هیومان رایتس ووچ دەڵێت "شونبزرکردنی بە کۆمەڵی ژنـانو منـداڵان بەگشـتی رەنگدانەوەی ئاسـتی بەرگریـی پێشـمەرگە بـوون" ( Human Rights Watch 1995: 13, 82, 191). بەگـوێرەی هەڵسـەنگاندنەکانی هیومـان رایـتس ووچ بێـت لەکـاتی هەڵمەتەکـانی ئەنفالەکـان لە هەر شـوێنێک پێشـمەرگە بە سـەختی بەرگـری کردبێـتو شـەڕی قـورس لە هێرشەکان کەوتبێتەوە ئەوە لەو جێگایانە خەڵکە مەدەنییەکان کە گیراون بێسەروشوێن کراون.

لە راستیدا، وردبـوونەوەو شیکردنەوەی رووداوەکـانو سـەختی بەرگری پێشـمەرگە لە هەر حەوزێـک لە حەوزەکـــان یـــان قۆناغەکـــانی ئەنفـــال وێنەیەکـــی دیکەمـــان نیشـــاندەدەن. ئەوەی لە وردەکارییەکـــان دەردەکەوێـت ئەوەیە کەشـونبزکردنو قڕکردنـی خەڵـکە مەدەنییەکـان، بەتـایبەتی ژنـانو منـداڵان، زۆر پەیوەندی بەوەوە نییە داخۆ لەو شوێنە پێشمەرگە بە سەختی بەرگریکردوە یان نا، بەڵکو شـونبزکردنی خەڵکەکە زیاتر پەیوەندی شوێنی گرتنەکەوە هەیە. بەواتایەکی دیکە داخـۆ خەڵـکەکە دانیشـتوی حەوزی کەرکوکن یان نا.

بۆ پشتڕاستکردنەوەیئەم ئەنجامگیرییە وردتـر تەماشـای ئامارەکـانو ئاسـتی بەرگـری پێشـمەرگە بەپێـی قۆناغەکانو حەوزەکان دەکەین. لەم توێژینەوەیەدا بۆ دیارکردنی ئاستی بەرگری هێزی پێشـمەرگە پشت بەو زانیارییانە دەبەستین کە لە کتێبەکەی هیومان رایتس ووچ *Iraq's Crimes of Genocide* (تاوانە کۆمەڵکوژییەکانی عێراق) هاتووە لەگەڵ ئەو ئەزمونەی کە نوسەری ئەم بابەتە لەو بوارەدا هەیەتی. بـۆ دیـاریکردنی ژمـارەی ئەو کەسانەشکە لە هەر حەوزێـک لە حەوزەکـان، هەر قۆنـاغێـک لە قۆنـاغەکـانی ئەنفال، لەناوبراونتوێژینەوەکە سەرەڕای ئەو سەرچاوانەی کە لە خشتەکە ئاماژەی پێکراوە زیاتر پشـتی بەو داتایانە بەستوە کە لە کتێبەکەی زیاد عبدالرحمن *تـونی مەرگ* دا هـاتووە (عبـدالرحمان ١٩٩٥: ١٢٤). ژمارەی ئەنفالکراوەکان بەپێی داتاکانی عبدالرحمان (٢٠٠٧) لەوەدەچێت کەمتر بێت لەوەی کە هەیە بەڵام داتاکـانی ئەم نوسـەرە لە هەمـوو ئەو داتایـانە وردتـرو گشـتگیرترەو تەرکیزیشـی کـردۆتە سـەر ئەو ناوچانەی کە لە هەموو ناوچەکان زیـاتر خەڵکی تێدا بێسەروشوێنکراوە. داتاکـانی ئەو لە هەمـوو ئەو داتایانەی تا ئێستا لەبەردەستدان نزیکترن لە راستیو بۆ مەبەستەکەی ئەم توێژینەوەیەش زۆر بەکەڵکن چونکە چاکتر لە هەمووان نەخشی شونبزکراوەکان بەپێی شوێنی دەستبەسەرکردنیان نیشـاندەدات. هەر بـۆیەش لێـرە پشـتیان پێبەسـتراوە. واچـاکە ئامـاژە بەوەش بکەیـن کە لە ٢٠٠٨دا حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانلە کتێبێکـدا هەنـدێک ئامـاری لەسـەر جینۆسـایدی کـورد لە عێـراق لە تـوێ کتێبێکـدا بەناوی*خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد* بڵاوکـردۆتەوە. بـۆ کـۆکردنەوەی ئامارەکانو بەرهەمهێنانی کتێبەکە هەزار کەسێک لەسـەر ئەم پرۆژەیە کاریـانکردوە (حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان ٢٠٠٨). بەداخەوە داتاکـانی کتێـبەکە لە هـیچ شـوێنێک ژمـارەی قوربانییەکـانی ئەنفـال نیشاننادەن. جاریَ لەسەریکەوە هەموو هێرشو کۆمەڵکوژییەکان، وەک کیمیابارانی هەڵەبجە، کوشـتنی کـوردە فەیلییەکـان، ئەنفالەکـان بە هەمـوو قۆنـاغەکـانییەو کۆمەڵکـوژی بارزانییەکـان، هەر هەمـووی تێکەڵکراوەو بە رێژە نەک بە ژمارە بەپێی پارێزگاکـان خـراونەتەڕوو. ئەو هەمـوو پـارەیەی لەو پـرۆژە زەبەلاحە سەرفکراوە دەبوو نەک هەر ژمارە بەڵکو نـاو و شوێنی تاک بە تاک ئەنفالکراوەکـانی یاداشـتو بڵاوبکردایەوە. بەهەرحاڵ، مەبەست لێرە ئەوەیە کە هەوڵی گروپێک بەناوەی کۆمیتەی بەرگری لە مـافی قوربانیـانی ئەنفالەکەکان کە لە تـونی مەرگ بڵاوکـراوەتەوە زانیـاری چـاکتر بەدەسـتەوەدەدەن کە لێـرە کەڵکیـان لێوەرگیراوەو.

خشتەی –١– ئەوە نیشاندەدات کە لە کۆی ٦٨٢٣٠ لەو کەسانەی لە هەموو قۆناغەکانی ئەنفالەکان دوای گرتنیان بێسەروشوێنکراون ئەوە ٥١٢٣٦ کەسەیان لە حەوزی کەرکوکن، واتە لە ٧٥% ی ئەنفالکراوەکان لە دوو قۆناغەکەیحەوزی کەرکوکن، قۆناغی سێ و چوار. نابێت ئەوە لەبیربکەین کە لەکاتی تێپەڕبوونی کاروانێک لەو خەڵکەیکە لە حەوزی کەرکوک دەستبەسەرکرابوونبەناو شاری 'چەمچەماڵ' دا ئەوا خەڵکی شارەکە ڕێگریان لە کاروانەکە کردوو توانیان خەڵکێکی ئێجگار زۆر رزگاربکەن ( Human Rights Watch 1995: 107). ئەمە نەبا ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە حەوزی کەرکوک ئەنفالکران لەوە زیاتر دەبوو کە ئێستا هەیە.هاوکات خشتەکە ئەوەش نیشاندەدات کە شونبزرکردنی خەڵکە مەدەنییەکان پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە ئاستی بەرگری پێشمەرگەو سەختی شەڕەکان لە ئانوساتی هەڵمەتەکانەوە نەبووە. بەپێچەوانەوە وەک لە خشتەکە دەردەکەوێت لەو شوێنانەی کە پێشمەرگەو هاوڵاتیان بەرگرییەکی زیاترو سەخترو دوورودرێژتریان کردوە، وەک قۆناغی یەک، پێنج، شەش و حەوت، ژمارەی خەڵکە ئەنفالکراوەکە زۆر کەمترە لە قۆناغەکانی حەوزی کەرکوک کە بەرگری تێیاندا نزم یان مامناوەندی بوو. ئەوانەی لە قۆناغەکانی یەک، پێنج، شەش و حەوت، واتە لە دەرەوەی حەوزی کەرکوککوژراون یان شونبزرکراون بەدەگمەن ژنو منداڵیان تێدابووە. لەکاتێکدا بەشێکی زۆر لەوانەی لە حەوزی کەرکوک بێسەروشوێنکران ژنو منداڵ بوون.

خوێندنەوەیەکی وردیراپۆرتەکانی هیومان رایتس ووچو ئەو گێڕانەوانەی لە سەرچاوەکانی دیکەی سەر ئەنفال بەرچاو دەکەون دیاردەیەکی دیکەی سەرنجڕاکێشمان نیشاندەدەن. ئەویش چارەنوسی ئەو کەسانەیە کە لە کاتی هەڵمەتەکانی قۆناغی دووەم لە ئەنفالەکان لە حەوزی سلێمانییەوە روویان لە حەوزی کەرکوک کردوە. ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە قۆناغی دووی ئەنفال شونبزرکران ٨٨٣٥ کەسن، کە دەکاتە نزیکەی ١٣% ئەو کەسانەی لە ئەنفالەکاندا بێسەروشوێنکران. ئەوەی جێگەی سەرنجە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ٨٨٣٥ کەسە لەو کەسانەن کە لە قۆناغی دوو لە ناوچەی قەرەداغ بەرەو خوار ڕوویان لە گەرمیان کرد. ئەو کەسانەی کە لە هەمان ناوچە لەکاتی هەڵمەتو هێرشەکان بەرەو عەربەتو سلێمانی بەڕێکەوتن بەگشتی بە سەلامەتی نەجاتیان بووە. لەبەرئەوەی ئەو خەڵکە مەدەنییانە دوای هاتنیان بۆ ناوچەی گەرمیان، واتە حەوزی کەرکوک، ئەنفالکراون بۆیە دەکرێت ژمارەی ئەمانە لە سەر حەوزی کەرکوک نەک سلێمانی هەژماربکرێت، چونکە وەک ئاماژەیپێکرا لەوێدا دەستبەرسکراون. ئەگەری زۆرە رژێم لەکاتی گرتنیان نەیزانیبێت ئەوانە لە کوێوە هاتوون بۆیە چارەنوسیان وەک چارەنوسی خەڵکە مەدەنییەکەی کەرکوک بێسەرشوێنکردن بوو. بەمەش ژمارەی ئەوانەی لە حەوزی کەرکوک ئەنفالکراون دەبێتە ٦٠٠٧١ لە کۆی ٦٨٢٣٠ ئەنفالکراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ٨٨% ی هەموو ئەو کەسانەی لە تەواوی کوردستان ئەنفالکراون لە حەوزی کەرکوک بوون. هەر بۆ بەرچاوڕوونی واچاکە ئاماژەبەوەش بکەین کە ناوچەی قەرەداغ، قۆناغی دوو لە ئەنفالەکان، هاوسنوری ناوچەی گەرمیانەو درێژکراوەیەتی، بۆیەش دەکرێت بڵێین کە ڕێکەوتنەبووە کە چارەنوسی خەڵکی قەرەداغیش بە چارەنوسی خەڵکی حەوزی گەرمیان چوو.

خشتەی –١–

نەخشو ژمارەی شونبزرکراوەکان بەپێی قۆناغەکانی ئەنفال

(بۆ ئەم خشتەیە کەڵک لەم سەرچاوانە وەرگیراوە: Human Rights Watch 1995؛ Makiya 1993؛ عبدالرحمن ١٩٩٥: ١٢٤؛ مەلا شاخی ٢٠٠٧ئەلف: ١١، ٢٠٠٧باء: ١٢؛ دزەیی ٢٠٠١: ٨٤–١٥٦)

| ڕێژە بەپێی حەوز | ڕێژە بەپێی قۆناغ | ژمارەی ئەنفالکراوان | ژمارەی کوژراو | ژمارەی گوندەکان | ڕێکەوتی قۆناغ (ماوە بە ڕۆژ) | ئاستی بەرگری پێشمەرگە | حەوز و ناوچە | | قۆناغی ئەنفال |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٢.٩٥ | ٠.٠١ | ٩ | ٤٦٠ | ٢٤٠ | ٣/١٩-٢/٢٣ (٢٧) | بەهێز | سەرگەلو بەرگەلو | حەوزی سلێمانی | یەک |
| | ١٢.٩٥ | ٨٨٣٥ | ١٦٨ | نەزانراوە | ٤/١-٣/٢٢ (١١) | نزم | قەرەداغ | | دوو |
| ٧٥.٠٩ | ٦٤.٥٤ | ٤٤٠٣٥ | ٤٣ | ٥٠٤ | ٤/٢٠-٤/٧ (١٣) | مامناوەندی | گەرمیان | حەوزی کەرکوک | سێ |
| | ١٠.٥٥ | ٧٢٠١ | ٣٠٠ | ٢٠٠ | ٥/٨-٥/٣ (٥) | نزم | زێی بچوک | | چوار |
| ٠.٢٢ | ٠.٢٢ | ١٥٠ | ٥٥ | ٥٢ | ٨/٢٦-٥/١٥ (٩١) | زۆر بەهێز | شەقڵاوە ڕەواندوز | حەوزی هەولێر | پێنج، شەش، حەوت |
| ١١.٧٣ | ١١.٧٣ | ٨٠٠٠ | ٣٢١ | ٣١٠ | ٩/٦-٨/٢٥ (١٣) | زۆر نزم | بادینان | حەوزی دهۆک | هەشت |
| ١٠٠.٠٠ | ١٠٠.٠٠ | ٦٨٢٣٠ | ١٣٤٧ | ١٣٠٦ | | | | | کۆ |

**ئەگەر بە وردی تەماشای شێوازی مامەڵەو نەخشەکێشانی هێزەکانی حکومەت لە قۆناغەکانی ئەنفال بکەینو بەراوردیان بکەین بە یەک ئەوە زیاتر مەرازە پێشوەختییەکانی حکومەتی عێراق لە پەیوەند بە خەڵکی حەوزی کەرکوک دەردەکەون. بەپێچەوانەی قۆناغەکانی یەک، دوو، پێنج، شەش، حەوتو هەشت، کە لە حەوزەکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆک ئەنجامدران، هێزەکانی ڕژێم لە حەوزی کەرکوک، واتە قۆناغی سێو چوار، تەواوی ناوچەکەیان پێش هێرشکردنە سەر تەوقکردبوو ڕێگەیەکیان بۆ خەڵکە مەدەنییەکە نەهێشتبۆوە تا دەربازبن بەغەیرەز خۆبەدەستەوەدان. لە هەر دوو قۆناغەکەی حەوزی کەرکوک، هێزەکانی ڕژێم پێشوەخت زیلو ئیڤەو ئوتۆمبێلی نەفەر هەڵگریان ئامادەکردبوو. بەمشێوەیە دوای دەستگیرکردنی خەڵکەکە لە چەند شوێنێکی کاتیی کۆیانکردنەوەو دواتر بۆ تۆپزاوە ڕەوانەیانکردن. لەوێدا پرۆسەی هەڵاوێردنو کوشتنو شوێنبزرکردنو لەناوبردن دەستپێکرد. ئەم پرۆسە ڕێکخراوە بەدەگمەن لە قۆناغەکانی دیکەی ئەنفال جێبەجێکران، قۆناغی هەشتی حەوزی دهۆکی لێدەرچێت کە تاڕادەیەک لە مامەڵەی حەوزی کەرکوک دەچوو. سەرەڕای ئەم قسەیە، لە حەوزی دهۆکدا خەڵکەکەو ناوچەکانیان بەتەواوی تەوقنەکرابوون. ئەمەش بوو بە مایەی ئەوەی نزیکەی ٨٠ هەزار کەس لە خەڵکی ناوچەکە نەجاتیان بێتو بەرەو تورکیا بڕۆن چونکە سنورەکان بەربەرەڵا بوون (**Human Rights Watch 1995: 267**).**

**سروشتی گشتگیریو هەمەلایەنیو پلان بۆ دانانو ڕێکخراویی هەڵمەتەکانی ئەنفال ئەوە دەردەخات کە حکومەتی عێراق مکوڕبووە لەسەر نەهێشتنی ئاسەواری کورد لە کەرکوکو دەوروبەری، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کەوتونەتەو باشوری کەرکوکو سنورەکانیان پێشتریش بەر هەڵمەتەکانی تەعریب کەوتبوون وەک دەوروبەری قەزای توزخورماتوو کەلار. بێجگە لەو بەڵگەو داتایانەی تا ئێستا خستمانەڕوو،**

راستی ئەم تێگەیشتنە لەوەش دەردەکەوێت کە دوو عەشیرەتە هەر زەرەرمەندەکەی هەڵمەتەکانی ئەنفال نیشتەجێی ئەو ناوچانەن، ئەوانیش روغزاییو داودەن.

## ئەنفال: بۆ تەرکیز لەسەر کەرکوک

پرسیاری گرنگ ئەوەیە باشە بۆ حکومەت تەرکیزی خۆی لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوک کردبوو بۆ لەناوبردنو قڕکردنی خەڵکەکەی. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کە ساڵانێکە بوونەتە مایەی پێکنەهاتنی کوردان لەلایەکو حکومەتی عێراقی لەلاکەی دیکە ئەویش پرسو چارەنوسی کەرکوکو ناوچەکانی دەوروبەریەتی. چارەنوسی ئەم دەڤەرە لەو رۆژەوە کوردستانی باشور بە عێراقەوە لکێنراوە گرێکۆرەی پرسی کورد لە عێراقپێکدێنێت. کوردەکان بەردەوام، بە گەڕانەوە بۆ فاکتە مێژوویيو جوگرافييەکان، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کەرکوکو ناوچەکانی دەوروبەری بەشێکی دانەبڕاوی کوردستانو دەبێت بخرێنە سەر ئەو هەرێمە ئۆتۆنۆمە یان فیدرالییەی کە لە عێراقدا بۆیان دیاریدەکرێت، ئەوە ئەگەر نەڵێین دەوڵەتە سەربەخۆ خەونپێبینراوەکەیان. کەچی لە بەرابەر ئەمەدا، حکومەتەکانی عێراق ترسی ئەوەیان هەبووە کە ئەگەر کەرکوک بخرێتە سەر کوردستان ئەوە ئەمە دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ جیابوونەوەی کوردەکان لە عێراق چونکە ئەوان پێیانوایە کە کەرکوک دەبێتە زامنکەری پاڵپشتی ئابوری دەوڵەتە جیابووەوەکە. لە چاوپێکەوتنێکدا لە کۆتایی ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو، تاریق عەزیز، کە ئەوکات وەزیری دەرەوەی عێراق بوو، گوتی "کەرکوک نابێت بخرێتە سەر ناوچەی حوکمی زاتی چونکە خستنەسەری دەبێتە هەنگاوی یەکەم بۆ جیابوونەوەی [کورد لە عێراق]" (نعناع ٢٠٠٠: ١٦٣). ئەمە لە پەیوەند بە خاکی کەرکوکو ناوچەکانی دەوروبەری سەرچاوەکانی ژێر خاکەکەی، بەڵام تێڕوانینی حکومەتی عێراق تەنیا بەوەناوەستێت کە ئەم خاکانە دابڕێ بەڵکو بۆ زامنکردنی هەتا هەتایی کەرکوکو دەوروبەری ئەوە لەوەدەچێت ئەوان پێیانوابووبێت کە نابێت کورد لەسەر ئەم خاکانە بوونی بمێنێت. ئەمەش لە قسەیەکی عەلی حەسەن مەجید دەردەکەوێت. ئەو لە دوای هەڵمەتەکانی ئەنفال لە ١٩٨٩/٤/١٠ دا باس لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەنفال بۆ کۆمەڵێک لە ئەندامانی حزبی بەعس دەکاتو دەڵێت:

> من دەمەوێت باس لە دوو خاڵ بکەم، یەکەم، تەعریبو دووەم، خاکە هاوبەشەکانی نێوان ناوچە عەرەبییەکانو ناوچەی حوکمی زاتی. ئەو خاڵەی کە ئێمە دەمانەوێت باسی بکەین کەرکوکە. من کە هاتم، عەرەبو تورکمان [بە هەردوکیان] پەنجا لە سەدای دانیشتوانی کەرکوکیان پێکنەدەهێنا. سەرەڕای هەموو ئەم شتانە، من شەست ملیۆن دینارم سەرفکرد تا گەیشتینە ئەم حالەتەی ئێستا. ئێستا ئاشکرایە! [بەڵام] بۆ ئاگاداریتان ئەو عەرەبانەی کە ئێمە هێنامانن بۆ کەرکوک رێژەکەیان نەگەیاند بە شەست لە سەدا. بۆیە ئێمە ڕێنمایی دیکەمان دەرکرد. من قەدەغەم کرد کورد لە کەرکوک کاربکەن تەنانەت لە گوندەکانو دەوروبەریشی (Human Rights Watch 1995: Appendix 1).

لە قسەو تێڕوانینەکانی تاریق عەزیزو عەلی حەسەن مەجید ئەوە دەردەکەوێت کە بێجگە لە دابڕینی کەرکوک وەک خاک، حکومەتی عێراق هەمیشە کاری لەسەر سڕینەوەی ئاسەواری کوردیش کردوە لە کەرکوکو دەوروبەرەکەی. واپێدەچێت کە حکومەتی عێراقی لە سەرژمێرییەکەی ١٩٨٧ دا ئەوەی بۆ دەرکەوتبێت کە ڕێژەی زیادبوونی کورد بە بەراورد لەگەڵ عەرەب لە عێراق زیاتر بووبێتو درکی ئەوەشی کردبێت کە هۆکاری ئەم زیادبوونە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە کوردەکان زۆر کەمتر لە عەرەبەکان لە بەرەکانی شەڕی عێراقو ئێران دەکوژران چونکە کوردەکان، ساڵی یەکەمی لێدەرچێت، زۆر کەمتر بەشداری شەڕەکانیان کرد. ئەمەش بە هەڵاتنو خۆشاردنەوە بووبێت، بە چوونە ناو ریزەکانی

پێشمەرگە بووبێت یان بە دزینەوە وەک جاش لە ئەفواجە خەفیفەکان بووبێت. بۆیە دەکرێت هەڵمەتەکانی ئەنفال بەمەبەستی راستکردنەوەی ئەم ناهاوسەنگییە لە زیادبوونی کوردو کەمبوونی عەرەب دارێژرابێت. بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە وای بۆ دەچین کە حکومەت بەئانقەست کوشتنو شونبزرکردنو لەناوبردنی کوردانی کەرکوکو دەوروبەری وەک بەشێک لەم ئامانجە هەڵبژاردبێت. بە سادەیی گوتەنی حکومەت ویستبووی دوو کێشکەی بە یەک بەر بکوژێ، یەکەم: کەمکردنەوەی رێژەی زیابووی کورد بەگشتی، دووەم: سڕینەوەی کورد لە دەوروبەری کەرکوک بەتایبەتی.

## ئەنجام

ئەوەی بە زەقی وەک ئەنجامێکی سەرەتایی ئەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت ئەوەیە کە لە ئانوساتی ئەنفالەکانو دواتریش ئیدی حکومەتی عێراقی وەک هاوڵاتی عێراقی تەماشای کوردەکانی نەدەکرد ئەمەش بە زەقی لە ناولێنانی هەڵمەتەکان دەردەکەوت لەگەڵ ئەو درندە نواندییە لەگەڵ خەڵکە بێچەکەکەی کوردستان.هەڵمەتەکانی ئەنفال کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی لەسەر کوردەکانی عێراق دانا. وەک هۆلۆکۆستی جولەکەکان، ئەنفال بۆ کورد بوو بە مێتافۆرێکی بەهێز کە نوێنەرایەتی ئەزمونە هاوبەشەکەیان بکات. هاوکات بوو بە مایەی دروستبوونی کۆیادێکی دیکە لەو کۆیادانەی کە ئەندامانی گەلێک لێکنزیکدەکاتەوەو هاوشوناسیو هاوچارەنوسی بەهێزدەکاتو خەونی رزگاریو سەربەخۆی بەزیندویی رادەگرێت. کۆیادێکو هاوچارەنوسییەک کە نەوەکانی ئێستاو دوارۆژ بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لەوانەیە دەنگۆی ئەنفال بۆ چەندین سەدە لە گوێی کورد بزرنگێتەوە. دەکرێت بگوترێت کە هیچ رووداوێک لە مێژووی کوردانی عێراق بە قەت ئەنفال نەبۆتەوە هەوێنی شیعرو پەخشانو لاوانەوە بۆ شاعیرو رۆشنبیرو نوسەرانی کورد (بڕوانە خەمبار ١٩٩٧: ١١–١٧؛ بێکەس ٢٠٠٦: ٣٣٢–٣٥٦؛ عەلی ٢٠٠٦؛ سیوەیلی ٢٠٠٨: ١٨٣–١٩٢).

بۆ کوردەکانی عێراق دەکرێت بگوترێت کە ئەنفال قۆناغێکی دابڕە لە مێژوویاندا. مێژووی کوردەکانی عێراق لەم وڵاتەدا دەکرێت بەسەر دوو قۆناغدا دابەشبکرێت: مێژووی پێش–ئەنفال ( pre–Anfal history)ومێژووی دوای–ئەنفال (post–Anfal history).ئەگەر شانسی ئامێزانی (integration)کوردان لە عێراق پێش ئەنفالەکان بوونێکی هەبووبێت ئەوە ئەنفال ئەو شانسەی ئەگەر نەکوشتبێت ئەوە دەکرێت بگوترێت ئێجگار کەمکردۆتەوە.

## سەرچاوە کوردیو عەرەبییەکان


بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٦) *دیوانی شێرکۆ بێکەس: بەرگی سێیەم ١٩٧١–١٩٩٣* ، کوردستان: دەزگای چاپ دیارنییە.

حسين، صدام (١٩٧۶) *خندق واحد ام خندقان*، بغداد: دار الثورة.

حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠٠٨) *خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد*، هەولێر: بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەو ئامار.

خەمبار، جەمال (١٩٩٧) *مەنفاکان لێرەوە دەستپێدەکەن*، سلێمانی: چاپخانەی سلێمانی.

دزەیی، یوسف (٢٠٠١) *ئەنفال: کارەسات، ئەنجام و رەهەندەکانی*، هەولێر: دەزگای موکریانی.

سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠٠٨) *نەتەوە و حیکایەت بەرگی ١–٢* ، هەولێر: دەزگای موکریانی.

عبدالرحمن، زیاد (١٩٩٥) *توونی مەرگ: هێرشەکانی ئەنفال لە بەڵگەنەمەکانی رژێم دا* ، تەورێز: دەزگای چاپ دیارنییە.

عەبدول، هێمن باقر و عەبدولا، بەرهەم عومەر (٢٠٠٤) ئەنفالی سێو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال، کوردستان: چاپخانەی تەوار.
عەلی، بەختیار (2006) *شاری مۆسیقارە سپییەکان*، سلێمانی: ڕەنج.
مەلا شاخی (٢٠٠٧باء) *ئەنفالی خاڵخاڵان*، کەرکوک: چاپخانەی کارۆخ.
مەلا شاخی (٢٠٠٧ئەلف) *ئەنفالی ڕەش*، کەرکوک: چاپخانەی کارۆخ.
نعناع، حميدة (٢٠٠٠) *رجل وقضية*، بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

Human Rights Watch.*Iraq's Crime of Genocide: the Anfal Campaign against the Kurds*. New Haven: Yale University Press, 1995.
Makiya, Kanan. *Cruelty and Silence: War, Tyranny, Uprising and the Arab World*. New York: W. W. Norton, 1993.